کوردستان نێت KURDISTAN NET

# ئەزموونی حوکمڕانی کورد بەرامبەر وەچەرخانێکی مێژوویی گەورەدا



خەسرەو پیرباڵ

✿ کارەساتی یەکی شوباتی ٢٠٠٤ ، کە تێیدا پۆلێک لە تێکۆشەران و هاولاتیانی بێ تاوانی میللەتەکەمانی تێدا بووە قوربانی، قوربانیانی ئەم ڕەشکۆژییە شەهیدن، شەهیدانی قۆناغێکی نوێ و تایبەتمەندن، شەهیدانی بیروباوەڕو قۆناغێکن کە میللەتی کورد بە گشتی، بە تایبەتی میللەتی کورد لە کوردستانی باشووردا ، لە سایەی حوکمێکی نیشتیمانی میللی خۆیاندا ، لە ماوەی ١٣ ساڵدا لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفتانەدا، توانیان کاروباری وڵات و بەشێکی گرنگی کوردستان ئاوەدان بکەنەوەو ، وورده وورده توانرا، بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پێشکەوتوو، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو هەروەهاش بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای عێراق و ناوچەکەدا، کوردستان لەو ماوەیەدا ببووە جەستەیەکی جیاوازو نامۆ بە کۆمەڵگای عێراق و دەوروبەری.

شەهیدانی ئەم تاوانە گەورەیە شەهیدانی بڕیارێک و هەڵوێستێکن کە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٢ میللەتی کورد بە تێکڕا لە مەنبەرێکی شەرعی خۆیاندا بڕیاریان لەسەر دابوو، ئەو جوامێرانەی بە ناهەق و بە شێوەیەکی ناشرین دوور لە نەریتی کوردایەتی و مرۆڤایەتی تیرۆر کران ، ئەو خۆشەویستانەمان، هەموویان شەهیدانی فیدراڵین - ، شەهیدانی ڕێبازی کوردایەتی و نیشتیمانین.

مخابن دەستەیەکی دەرەکی و دووژمنی میللەتی کوردو دوزە ڕەواکەی ،سەرکەوتوانە، توانیان بە هاوکاری لوجیستی چەند خائینێک لەناو جەرگەی هەولێری پایتەختدا ، بە پیلانێکی دارێژراو و وورد ، پۆلێک لە کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری و هاوڵاتیانی بێتاوانی شاری هەولێر شەهید بکەن وبەم تاوانەیان ، بە ئاشکرا ، پەردەیان لەسەر خواست و پیلانە نێودەوڵەتیە- عەرەبیی- ئیسلامیەکەیان هەڵدایەوە .

دیارە یەکێک لە ئەنجامە هەرەگرینگەکانی ئەم ڕووداوە ، هەروەکوو بە درێژایی مێژووی خەبات و تێکوشانی نەتەوەیی کورد ، ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە،هاوپشتیی و هاوهەڵوێستی نەتەوەیی لە نێوان ڕۆڵەکانی کورد هێنایە دی ، هەر لە خانەقینەوە هەتاوەکوو قامشلوو هەکاری و مەهابادو هەڵەبجەو وڵاتانی تری دوونیا ، لەهەر شوێنێک و گوندێکی کوردستان و هەندەراندا ، هەر ماڵێکی کورد بووە مولگەیەک و سەنگەرێکی نەتەوەیی ، هەموویان پێکەوە ، وەکوو یەک خێزان و یەک قووربانی و یەک کێشەی سیاسی ، هاودەردی و هاوخەمی و پشتگیری خۆیان بو ئەم کارەساتە بەیان کردووە ، هەر هاوڵاتیەکی کورد ، سامی عەبدولڕەحمانێکی ترن ، شەوکەتێکی ترن و مەهدی خوشناوێکی ترن......

لێرەدا بەوەستانێک بەرامبەر ئەم ڕووداوە مێژووییەدا ، دەبێت چەند مەسەلەیەکی گرینگ و سەرەکی ببێتە بەرنامەیەک و سیاسەتێکی نوی ، وەکوو هەڵوێستێک و کاردانەوەیەکی نەتەوەیی و کوردستانی دەبێت لەلای هەر ناوەندێک و لایەنێک ، بگرە لەلای هەر هاوڵاتیەکی کوردستانی ڕەنگبداتەوە ، دەبێت ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو هێرشەی کرایە سەر کورد ، بە قەناعەتی من هێرشێکی فیکری و تاوانێکی قووڵی دووژمنکارانەیە ، لەوە قوڵترو تێکئالاوترە کەلە ئاستی ڕووداوێک و هێرشێکی تری ڕابردوودا بەسەر میللەتەی کوردو سەرکردایەتیدا هاتووە، تێیدا میللەتی کورد بووە قوربانی ...

ئەم هێرشە ، هێرشێکە لە جورێکی تایبەتدا ، تاوانبارانیشیان ، دڕندەترین شێوازی فیکریان هەیە ، هەر ئەوانەبوون ، لە هەمان شوێن و بەهەمان شێواز فەرەنسو هەریریان شەهید کرد ، دەستیان هەبوو لە سەربڕین و کووشتنی سەدان کەسی تری بێتاوان لە دەڤەری هەڵەبجەو سولەیمانیدا .

دیارە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێرشە ، وەچەرخانێکی گەورەی بەدواوە دێت، وەچەرخانێک کە تێیدا هەموو هەڵوێست و سیاسەتەکانی ناوەخوو هەتاوەکوو پەیوەندیەکانمان گوڕانکاری دەبێت بەسەردا بێت.

ئەوەی ئەمروکە وەکوو پێویستیەکی نەتەوەیی هاتۆتە ئاراوە ، ئەوەیە کە گوڕانکاری و پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری گشتی دەبێت ڕووبدات ، لێرەدا بە ڕاشکاوی دەبێت هەمووومان ، هەر هاوڵاتیەکی کوردستانی ، هەر بەڕێوەبەرایەتیەک و وەزارەتێک ، هەتاوەکوو هێزو ڕێکخراوو پارتە سیاسیەکانی کوردستانی ، دەبێت لە ئاستی خۆیان، پێداچوونەوەیەکی نەوعی ئەنجام بدەن و وەکوو ئەزموونی وڵاتانی یەکگرتووی ئەمریکا پاش هێرشەکەی سێپتێمبەر ، گۆڕانکاری و پێداچوونەوە و گوڕانکاری بەرچاو ،وەکوو پێویستەک هاتوونەتە ئاراوە.

بەرامبەر ئەم دیاردەیە وە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی دیاردەی تیرۆر، دەبێت بزانین کە تەنها بە توندوتیژی و هەمان شێوازو کاردانەوە چارەسەر ناکرێت، دەبێت کۆمەڵگا و ناوەندو سیاسەتمەداران و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، هەموو کەسایەتی و ناوەندی کاریگەروکۆمەڵگای مەدەنی کوردستانی ، بە کێشانی پلانی گونجاو و ئاشنا بە وڵات و کۆمەڵگای کوردستانی ، دەبێت کاردانەوەیەکی فیکری - ڕوشنگەری - سیاسی و ئەمنیمان هەبێت.

ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتی ئەمنی کوردستان، زور ڕاشکاوانە ، ئەوەی هەیە سیاسەتی ئەمنی و ئاسایش نییە ، بریتی یە لە فەوزایەکی ئەمنی - و ئاسایشی گەورە لە کوردستاندا ، لە ناوجەرگەی پایتەختدا، لە ناوەڕاستی شار چەند خاڵێکی کونترۆڵ و پشکنین هەیە ، کە جگە لە پەشێوی و نارەحەتی هاووڵاتییان و فەقیروفوقەرات هیچ سوودو قازانجێکیان نییە. دەکرێت لە جیاتی ئەوەوە، دەزگاکانی ئەمن و ئاسایش و پاراستی کوردستانی ، هەر لە وەزارەتی ناوەخوو هەتاوەکوو هەموو لایانی پەیوەستدار

بەو مەسەلەیە ، پێشەکی خەڵکی پسپۆڕو پڕوفیشیونێڵ لە کارو ئەرکی ئاسایش و پۆلیس دابمەزرێن، نەوەکوو تەنها مەخفەرەکان و بنکەکانی پولیس و خاڵەکەمانی پشکنین پڕ بن لە خەڵکانی بێکار و قوتابی و خزمو دۆست و هەڤاڵانی بەرپرسی پۆلیس و بەرێوەبەرەکان.

لە کوردستان گەلێک کەسایەتی و خەڵکانی ناسراوی بواری ئاسایش و پولیس هەن ، لە ١٩٩٢ هەندێکیان دوورخراینەوە و هەتاوەکوو ئەم ساتە هیچ سوودیان لێوەرنەگیراوە ، بەتایبەتی بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشی شاری هەولێر. دەبێت بە دارڕتن و سازدانی ئالیەتێکی نوێی کارکردن و پەیوەندی ، گرووپێکی پسپۆڕ دەستبەکار بن، گرووپێک کار بکەن کە بە هەقیقەت لەو بوارە پسپۆڕن ، با لەمەپاش نان بو نانەوا بێت و گوشتیش بو قەساب !! . ئەو پسپورانەش خۆیان دەزانن چ پلانێکیان هەیە و بەکاریان دەهێنن.

لێرەدا ، دەبێت ئەوە روون بێت کە شاری هەولێر تایبەتمەندی خوی هەیە ، وە ئەم تایبەتمەندیەش لەوەدایە، کە پایتەخت و جەرگەی کوردستانە ، بنکەیەکی سیاسی و کومەلایەتی و نێودەولەتیە ، پاش سەرهەلدانی ساڵی ١٩٩١ و رووداوەکانی ناوخوو پاشانیش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و هاوکاری و روڵی بزوتنەوەی کوردستانی بو سەرەونخوکردنی رژێمی سەدام حوسێن ، کوردستان بە گشتی ، میللەتی کوردو حکومەتی کوردستان ، رۆڵ گرنگییەکی گەورەی لە ئەستۆدایە . گرینگی و قەرەباڵغی دەڤەری هەولێر ، هەر لەسەرتاوە دەبووایە بە ووریایی دەرکی پێکرابایە ، شاری هەولێر شارێکە زیاتر و چڕوپڕتر لەهەر شارێکی تری ناوچەکە خەڵکانی تێدا نیشتەجێ بووە، بەرامبەر ئەم نیشتەجێ بوون و گورێنکاریە توبوگرافیانەدا - دەبووایە دەسەلات و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پلانێکی تایبەت و بە توانایان هەبووایە .

رۆڵ و هاوکاری هاوڵاتییان :

لە ئەزموونی هەموو وڵاتانی ئەوروپادا ، ئەرکی پاراستن و دوزینەوەی پلانی تاوانباران ، تەنها ئەرکی پۆلیس و ئەفسەرانی ئاسایش نین، بەڵکوو ئەرکی هەموو هاوڵاتییەکە، هەر یەکێک لە شوێنی خۆی، هاوکار و تەواوکەری پولیس و ناوەندەکانی ئەمن و ئاسایشی وڵاتن، نەوەکوو ناهێڵن خەڵک ببنە قوربانی ، لە رێگاوبانەکانی وڵات ناهێڵن دارێک و عامودێک و سندووقێکی پۆست دەستدرێژی بکرێتە سەری.! بەڵکوو لە دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیان هەفتانە چەندین تاوان و پلانی تاوانبارانە بە هاوکاری هاوڵاتیان ئاشکرا دەکرێن.

لێرەدا هاوکاری تەواوی هاوڵاتیانی کوردستان لەگەڵ بنکەکانی پولیس بە پێویست دەزانرێت و دەبێت لەوکاتەشدا ، دەسەلات و ناوەندەکانی پاراستن، ناوی هاوکاران و هاوڵاتیان ئاشکرا نەکەن ، بە رەچاوکردنی تایبەتمەندی کۆمەلگای خۆمان و دابوونەریتی کومەلایەتی ، چەند ئەزموونێکی کوردستان و هەندێک لە هەلوێستی بەرپرسانی ئاسایش هەتا ئاستێکی بەرچاو بوونەتە هۆی ئەوەی کە هاوڵاتیان، لە ترسی ئەوەی کە ناویان ئاشکرا دەکرێت و کەشف دەبن، هیچ ئامادەییەکیان نیە هاوکاری بکەن بو ئەوەی تاوانێک یان پلانێک ئاشکرا بێت.

روڵی راگەیاندن:

راگەیاندن چاکترین و بەسوودترین بسواری کارو بلاوکردنەوەی رۆشنبیری ئاسایشە لەلای هاوڵاتیان، دەبێت بە شێوازێکی بەربلاو راگەیاندن ( دەزگای تەلەفیزیون- رۆژنامە و گوڤارەکان - رادیوکانمان ) بە بەرنامەیەکی چڕوپڕی دارێژراو ، لە هەوڵی ئەوەدا بن ، رۆشنبیری ئەمنی وخوپاراستن و داوای هاوکاری و برایانەیان لە لا دروست بێت، دەبێت هەمیشە و بە بەردەوامی خوشەویستی وڵات و گەرەک و شوێنەوارو شارەکانی کوردستان لەناو دڵی هەموو هاوڵاتیانی کوردستانیدا بچەسپێنن.

لێرەشدا واجبی دەسەلات و حکومەتی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی گرینگە، دەبێت باشکردنی بارودوخی گوزەران و ژیانی تاکی کورد باش بکرێت و بە جیدی خەمی ئەوەیان بوبخوورێت ، کە فەقیری لەناو میللەتدا نەمێنێت و بێکاری کەم بکرێتەوە و منداڵانمان نان و دەرمان و پێداویستیان دابین بکرێت.

ئەو شەرەی بەسەر میللەتی ئێمەدا داسەپاوە ، شەرێکە ، لایانێکی نامو و نەخوێندەوار ، دوور لەهەموو جوانی و پرەنسیپەکانی ژیانی مودێرن و پێشکەوتووخواز ، دەیانەوێت بمانگەرێننەوە سەدەکانی رابردوو و سەردەمی بەردینی و تاریکی .

جەنگی تیرۆریزم ، دیاردەیەکی رەش و نامۆیە بە کۆمەڵگای کوردستانی ، جەنگی لایانێکی تەنها و بێ دۆست و پشتوپەنان ،بەرنامەکەشیان، بەرنامەیەکە بنیاتنراوە، زۆر بە ئاسایی لەسەر رەفزکردنەوەو رەشکردنەوەی ئەوانیتر، کوشتنی ئەوانی تر، ئەوانی تر جیاواز....

کووشتن وەکوو بنەمایەکی سەرەکی بەرنامەیە و کاری لەسەر دەکەن، لێرەشدا بە هۆشیارییەوە کووشتن و مەرگ وەکوو بنەمایەک، بە پیرۆز دەزانن و دەیسەپێنن لەسەر دەوروبەری خۆیاندا.

لەکاتێکدا ، ژیان لەسەر بنەمای خوشەویستی وبەردەوامی و گورانگاریدا گەشە دەکات ، تەواو بە پێچەوانەوە، ئەو ( چەکدارە دووژمنانە) هەروەکوو لەلایان ئەمەریکییەکانەوە ناوێیان لێ نراوە ، ژیانیان لەسەر بنەمای کووشتن و خوێندا دروست بووە. لەبەر ئەوەشە هیچ داهاتوویەکیان نییە و تەواو لایانێکی مووفلیسن.

ئەم جەنگە، جەنگێکە سەرەتاکانی دەگەرێتەوە پاش سەرهەڵدانە مەزنەکەی کوردستانی باشوور ، ئەوە کاتەی کوردەکان ، لە ئەزموونێکی بی وێنەدا لە رۆژهەلاتی ناوەراست، بریاریان دا کاروباری خۆیان بە خۆیان بەرێوەبەرن، گووندە وێرانکراوەکانی خۆیان سەرلەنوێ دروست بکەنەوە، ئەنتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل و سەتەلایت بهێننە ناو ژیانی رۆژانەیان.... بە کورتی ژیان ئاسان و خۆش و جوان بکەن و وڵات ئاوەدان بکەنەوە. ئەوەیە تاوانی هەرە گەورەی کورد، دەبێن چۆن کورد ماڵی خوی یەکدەخاتەوە، چ رۆڵێکیان هەیە لە پرۆسەی بە دیموکراتی کردنی عێراق و دروستکردنەوەی دەولەتی ناوەندی لە بەغدا .

چاویان بە مەسەلەی فیدراڵی کوردستان هەڵناهێت، نایانەوێت کورد کەسایەتی سیاسی وروشنبیری پێشکەوتوو و لێهاتووی هەبێت ،نابێت کورد حکومەتی هەرێمی هەبێت، نابێت و نابێت ناکرێت .......

ئەوانەن مەسەلەکە ، ئەوانەشە تاوانی میللەتی کورد، لەبەر ئەوەشە دەبێت لەمەوپاش ، پشتگیریکردن و هاوکاریکردنی سەرجەم روڵەکان وتاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ دەسەلاتی کوردستانی ببێتە پەروەردەیەکی رۆژانە ، لە ناو خێزان و قووتابخانەوە ناوەندەکانی تری کۆمەڵگادا رەنگبداتەوە .

دەبێت خوشەویستی نیشتیمان وداکوکیکردن لە ئەزموونی کوردستان و پشتگیریکردنی بریاری سیاسی کوردستانی وەکوو وەسیەتێک، لە گەورەکانەوە، لە باب و دایکانەوە بۆ منداڵان و نەوەکانی دووای خومان بمێنێتەوە .■

**Pirbal@hotmil.com**